# گەنجانی 25 ساڵی، دەتوانن خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن!

پەرلەمانی کوردستان 30 ساڵ تەمەنی وەک مەرج بۆ کاندیدکردنی ئەندامی پەرلەمان دانابوو، ئەوەش کێشەیەکی گەورەی بۆ لاوان دروست کردبوو، بەوهۆیەوە هەندێک لایەنی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی لاوان خوازیاربوون کە تەمەنی خۆپاڵاوتن کەم بکرێتەوە. سەرەنجام دوای مشتومڕێکی زۆر هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتن کە تەمەنی خۆپاڵاوتن لە 30 ساڵیەوە بۆ 25 ساڵی کەم بکرێتەوە، دواتریش ڕێککەوتنەکەیان ڕەوانەی پەرلەمان کرد، پەرلەمانی کوردستانیش ڕۆژی 11-2-2009 بڕیاری دا کە گەنجانی تەمەن 25 ساڵ دەتوانی خۆی کاندید بکا، ئەگەر دەنگی هێنا دەبێ بە ئەندامی پەرلەمان.

بێگومان ئەمە مەسەلەیەکی هەستیاری هەنووکەییە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەدواداچوونێک بکەین، خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بە ڕاو سەرنجی جۆراوجۆر ئاشنا بکەین.

سەرەتا لە ڕێگەی ئیمایلەوە پرسیارمان لە **چالاک محەمەد** ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: {حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنیەوە لە 15-8-1993ەوە، پێیوابووە کە دانانی مەرجی 30 ساڵی بۆ خۆپاڵاوتن ستەمێکی ئاشکرایەو لە گەنج و لاوان دەکرێ، بۆیە تێکۆشاوە تا ئەو مەرجە هەڵبگیرێ، یاخود تەمەنی خۆپاڵاوتن کەم بکرێتەوە. لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاری کە لە 15تا1995/11/18 پێکهات لەسەر ئەو بابەت ڕاوەستاو داوای کرد کە دەبێ تەمەنی خۆپاڵاوتن بۆ 22 ساڵی کەم بکرێتەوە، بەوهۆیەی کە مرۆڤی تەمەن 22 ساڵ دەکرێ زانکۆی تەواو کردبێ، بەوهۆیەشەوە



دەتوانێ بڕیاری گرنگ و پێویست بدات. لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە پێمانوابووە مادام مرۆڤ لە 18 ساڵی بالغ دەبێ و دەتوانێ پرۆسەی هاوسەرگیری پێکبهێنێ و بۆندەو گرێبەندی بازرگانی ببەستێ، کەواتە دەتوانێ لە ڕووی سیاسیشەوە بڕیار بدات، بۆیە لە دووەمین کۆنگرەی حزب کە لە ڕۆژانی 14و15ی مانگی 2004/10 بەڕێوەچوو، بڕیاردرا کار بکرێ تا مافی دەنگدان بۆ 16 ساڵی و مافی خۆپاڵاوتن بۆ 20 ساڵی کەم بکرێتەوە. ئەمەش لە خاڵی دەیەمی ئامانجە سیاسیەکانی ئەم قۆناغەدا جێگیرکرداوەو نووسراوە **'هێنانەخوارەوەی مافی دەنگدان بۆ 16 ساڵی و مافی خۆپاڵاوتن بۆ 20 ساڵ'**.

ئێستا کە پەرلەمانی کوردستان مافی خۆپاڵاوتنی بۆ 25 ساڵ هێناوەتە خوارێ، ئێمە دەستخۆشی لێدەکەین و بە ئەرێنی دادەنێین، بەڵام لەسەر داوای خۆشمان بەردەوام دەبین، چونکە مرۆڤی تەمەنی 20 ساڵی، دەکرێ دەرچووی پەیمانگە بێ، یان مامۆستا بێ، واتە دەتوانێ بڕیاری ڕاست و دروست بدات. هەروەها شێلگیرانە کار دەکەین تا لاوانی تەمەن 16 ساڵی مافی دەنگدانیان پێ بدرێ، چونکە لە هەندێک وڵاتدا بۆتە یاسا، مرۆڤی تەمەن 16 ساڵ مافی دەنگدانی هەیەو مرۆڤی 20 ساڵەش مافی خۆ کاندید کردنی هەیە، ئەی باشە بۆ ئێمەی کوردستانی شوێن پێی ئەوان هەڵنەگرینەوە؟!}

کاک **مەریوان بێسارانی**، چالاکڤانی بواری مافەکانی لاوان، بەم شێوەیە ڕای خۆی دیار کردووە: {لە سەرەتادا دەستخۆشی لە پەرلەمان دەکەم، هەرچەندە کە ئەمە بیرکردنەوەی خۆیان نەبووەو هەردوو مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکە بڕیاریان لەسەر داوە، بەڵام دیسانیشەوە شتێکی پێشکەوتوانەیەو دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ، من بەش بەحاڵی خۆم بە کارێکی ئەرێنیی دادەنێم و وەک هەنگاوێک بەرەو گۆڕانی دەبینم، چونکە لە زۆربەی وڵاتاندا گەنجان دەتوانن بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن، بەرپرسیارێتیش لە بەئەندامبوون لە پەرلەمانەوە دەست پێدەکات، من هیوادارم ئەمە تەنیا یاسا نەبێت، بەڵکو دەبێ حزبەکان پەیڕەوی لێبکەن و کەسانی لاو لەنێو کاندیدەکانی لیستەکانیان دابنێن.

ئێمە بەدرێژایی 18 ساڵی ڕابردوو مافی ئەوەمان بەخۆمان داوە کە ڕەخنەکردن لە کارە خراپەکانی دەستەڵات بگرین، دەبا ئەمجارەشیان مافی ئەوە بەخۆمان بدەین کە دەستخۆشیان لێ بکەین، بەڕاستی کارێکی باشیان کردووە، بەڵام هیوادارم ئەمە بەتەنیا بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن نەبێ و کاری پێبکرێ، چونکە ئەگەر تەنیا بۆ پروپاگاندەی هەڵبژاردن بێ، ئەوە زۆر زیان بە لاوان دەگەیەنێ، من پێموایە ئەگەر لاوان بۆ خۆیان لیستی تایبەت پێکبهێنن، زیاتر خزمەت بەخۆیان دەکەن و سەرکەوتنیش بەدەست دەهێنن، بەڵام ئەگەر لاوان، هەروەکو ژنان چاویان لەدەستی سەرکردایەتی حزبەکان بێ، ئەمە هیچی لێ شین نابێ، هەبوون و نەبوونی وەک یەکە، هەقە ئەمجارەیان لاوان هێزو توانای خۆیان پیشانی سەرکردایەتی بدەن و خۆشیان تاقی بکەنەوە}

**تاڤگە کەریم** هەڵسوڕاوی بواری ژنان و یاساناس سەبارەت بە هێنانەخوارەوەی تەمەنی پاڵێوراو لە 30 ساڵەوە بۆ 25 ساڵ، دەڵێ: 'ئەمە لە ژێر گوشارو خواستی ڕێکخراوەکانی لاوان و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، درەنگ وەختیشە، بەڵام دیسانیشەوە من وەک خۆم گومانم هەیەو باوەڕناکەم کە حزبەکان پەیڕەوی لێبکەن. لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ڕاستگۆیانە قسە لەسەر بابەتەکە بکەین، ئەوانەی لە پەرلەمانی یەکەم بوون بە ئەندام 13 ساڵ لەسەر کورسی بێ بڕیار دانیشتن، ئەگەر تەمەنیان 30 ساڵیش بووبێ ئەوە لە واز هێنان گەیشتبوونە 43 ساڵ، من باوەڕ ناکەم هیچ یەک لەوان کاتێ کە بوونەتە ئەندام پەرلەمان تەمەنیان لە 35 ساڵ کەمتر بووبێ، لە پەرلەمانی دووەمیش هەروابوو، زۆربەیان کەسانی پیرو پەککەوتە بوون، حزبەکان ویستیان بە ئەندام پەرلەمان لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، چونکە پەرلەمان لەو دوو دەورەیە زیاتر لە پەیکەر دەچوو، هەموو بڕیارەکان لەدەستی مەکتەبی سیاسی دابوو، وەک سەرکردەیەک گوتبووی: ئەوانە نوێنەری خەڵک نین و نوێنەری حزبن، چونکە خەڵک دەنگی بە حزب داوەو حزبیش ئەوانی تەکلیف کردووە، بۆیە دەبێ سیاسەتی حزب پەیڕەو بکەن. من وەک کوردێک هیواخوازم کە پەرلەمانی داهاتوو جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی پێشوو هەبێ، هەم گەنج بگاتە پەرلەمان، هەمیش پەرلەمان خۆی لە کۆت و دیلی مەکتەبی سیاسی ڕزگار بکات و چیتر پیت بە پیت بڕیارە هاتووەکانی مەکتەبی سیاسی نەکاتە بڕیارو دەستی بۆ بەرز نەکاتەوە، ڕاستە ئەوانە لە ڕێگەی حزبەکان دەگەنە پەرلەمان، بەڵام کە دەبنە ئەندام پەرلەمان دەبێ نوێنەرایەتی خەڵک بکەن وبیر لە بەرژەوەندی خەڵک بکەنەوە؛

**ڕێناس بێکەس**، خوێندکاری زانکۆ، سەبارەت بە پرسی بەشدارپێکردنی گەنجان لە خۆپاڵاوتن و هێنانە خوارەوەی تەمەنی کاندید لە 30 ساڵەوە بۆ 25 ساڵی بەم شێوە ڕای خۆی دیار دەکات: ' ڕاستیەکەی گەنج لە کۆمەڵی ئێمەدا بە تەواوی فەرامۆش کراوە، هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەموو ئامانج و مەرامەکانی خۆیان بە لاوان هێنایە، بەرەو شاخیان بردن و لەوێ شەڕیان پێکردن، دوای لە شەڕی نێوەخۆ ژمارەیەکی زۆری گەنج بوونە سووتەمەنی، دواتر گوشاریان خرایە سەرو ناچاریان کردن کە سەرهەڵبگرن و بەرەو هەندەران بڕۆن، ئیدی ئەوەی ماوەتەوە چاوی لەدەستی ئەوان بووە تا ژیانیان بۆ دابین بکەن.

من وەک لاوێک پێموایە کە ئەم بڕیارە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر داهاتوو نابێ، چونکە گەنج ناتوانن خۆیان لیستی تایبەت و جیاواز پێکبهێنن، ئەگەر لیستیشیان پێکهێنا، کوا پارەی ڕیکلام و پڕوپاگەندە؟! چۆن ڕێگەیان دەدرێ کە دەنگ بهێنن؟! ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە یەخەمان دەگرن و پێمان دەڵێن دیسانەوە گەنج پەراوێز دەخرێن، مەبەست ئەوەیە کە بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بەشداری لە دەنگداندا بکەن و جارێکی دیکەش حزبەکان زیندوو بکەنەوە.

ئێستا بەو ڕەوشەی کە هەیە دەبێ دیسانەوە گەنج چاویان لە دەستی سەرکردایەتی حزبەکان بێ کە هیچیان گەنج نین، بەڵکو زۆربەیان تەمەنی خانەنشینیان تێپەڕکردووە، من پێموایە ئەگەر حزبەکان دەیانەوێ ڕۆڵ بە گەنج بدەن، دەبێ لەنێو سەرکردایەتیدا جێگەیان بکەنەوە و گوێ لە بۆچوونیان بگرن، دەبێ حزبەکان لە خۆیانەوە دەست پێبکەن، لەوانەیە حزبەکان لە نێو لیستی خۆیاندا چەند کەنجێک کە کوڕە بەرپرس و خزمی بەرپرسن دابنێن، بەڵام زەحمەتە ئەوانە نوێنەرایەتی گەنجان بکەن، وەک دەڵێن سگی تێر ئاگای لە برسی نیە. ئاخر ئێستاش زۆربەی گەنجانی حزبەکان ژیانێکی باشیان بۆ فەراهەم کراوە، ئەوان وەکو ئێمە ناژین، ئەوەتا بە سەیارەی تایبەت و ئاخر مۆدێل دێن بۆ زانکۆ، هەندێکیان دەوامیش ناکەن و دەردەچن، هەندێکیان توانای نووسینی پەخشانێکیان نیە کەچی بەرەو ماجستەرو دکتۆرا ڕەوانە دەکرێن. کەواتە بە هێنانەخوارەوەی تەمەنی کاندید بۆ 25 ساڵ هێندە شتێکی عەجایب نیە، دەستکەوتێکی هێندە مەزنیش نیە، بەڵام یاریەکی نوێیەو بە لێزانیەوە کایە دەکرێ.

دەبێ حزبەکان و سەرکردەکان گوێ لە ڕامانی گەنج بگرن، دەبێ لێهاتوویی گەنجان پەسند بکەن، گەرەکە ئاسانکاریان بۆ بکەن و ژیانێکی مرۆڤانەیان بۆ دابین بکەن. لەوانەیە کەسانی وەک من نوێنەرایەتی خۆیان و ئاشناو هاوڕێکانیان بکەن، بەڵام ئەگەر کوڕە مەسئولێک بردرا بۆ پەرلەمان بەس نوێنەرایەتی خۆی دەکات، ئەو ئاگای لە گەنج و لاوان نیە، نازانێ گەنج و لاوەکان چۆن دەژین و چۆن چۆنی بژێوی ڕۆژانەیان دابین دەکەن، بەو حاڵەوە ناکرێ هێندە گەشبین بین و پێمانوابێ کە لە شەوو ڕۆژێکدا هەموو شتێک دەگۆڕێ و گەنجان بە ئاواتی لەمێژینەی خۆیان دەگەن؟! من هەرگیز هێندە ساویلکە نیم و بەو بەندو باڵۆرانەش گریانم ناوێ. داوای لێبووردنیش دەکەم کە ئەگەر هەندێ وشەی زبرم بە کار هێنابێ، بەڵام چی بکەم، ڕەنگدانەوەی حەزە کپکراوەکانمە'

سازدانی: شازین

# حکومەتی سوێد دەیەوی دوو هەزار کوردستانی ڕەوانە بکاتەوە

لە دوای 2003 وە خەڵکی کوردستان و عێراق بە لێشاو ڕوویان لە وڵاتی سوێد کرد، زۆربەیان مافی مانەوەی یەک ساڵەیان وەرگرت، بەڵام لە دواییدا بۆیان درێژ نەکرایەوە، بەوهۆیەوە کێشەیەکی گەورە بۆ پەنابەران و وڵاتی سوێد دروست بوو، بۆیە لە ناوەڕاستی ساڵی 2008ەوە حکومەتی سوید شێلگیرانە کەوتەخۆ تا ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو کوردستانی و عێراقیانە بدۆزێتەوە کە مافی پەنابەریان ڕەتکراوەتەوە یان درێژ نەکراوەتەوە. ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە مافی پەنابەرێتیان ڕەتکراوەتەوە لە گرتووخانەی چاوەڕوانیدا ڕاگیراون، یان خۆیان شاردۆتەوەو نایانەوێ خۆیان ڕادەستی پۆلیس بکەن.

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست پەیامنێری **ڕۆژی گەل** کەوتوون، ژمارەیەک کوردستانی کە خەڵکی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک و کەرکوک و موسڵن لە گرتوخانەی تایبەت بە بەڕێوەبەریتی پەنابەران لە شاری یۆتەبۆری لە باشوور و لە کەمپی فلێن لە ناوەڕاستی سوێد ڕاگیراون و شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ڕۆژانی داهاتوودا ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە. بە گوتەی هەندێک لەوانەی کە لەو گرتووخانانە ڕاگیراون، بەڕێوەبەریتی پەنابەران سەرپشکی کردوون لەوەی کە ڕەوانەی بەغداد بکرێنەوە یان بەرەو فڕگەی هەولێرو سلێمانی بەڕێ بکرێن!

پەیامنێری هەفتەنامەی ڕۆژی گەل لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە ژمارەیەک لەو گیراوانە کرد، ئەوان دەڵێن: 'بەرپرسێکی بەڕێوەبەریتی پەنابەران هاتۆتەلامان و قسەی لەگەڵدا کردووین و بەڵێنی پێداوین، هەر کەسێک ئەگەر لەلایەن ژنێکی دانیشتووی سویدەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدرێ، ئێستا ئازاد دەکرێ یان دوایی لە ڕێگەی یاسایی دەگێڕدرێتەوە، هەروەها هەر کۆمپانیایێک ئەگەر بۆندی کارپێکردن لەگەڵ کەسێک ئیمزا بکات، ئەوە دەگێڕدرێتەوە سوید'، ئەمەش وایکردووە کە هەندێک لە گیراوەکان بەدوای دۆزینەوەی کەسێک بگەڕێن تا زەماوەندیان لەگەڵدا بکات، هەندێکی دیکەش بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کۆمپانیایێک فۆڕمی کارپێکردنیان بۆ پڕبکاتەوە. تەنانەت هەندێک لەوانە جەخت دەکەنەوە کە بەڕێوەبەریتی پەنابەران بۆ ناردنی فۆڕمی کارپێکردن هاوکاریان لەگەڵدا دەکەن و بۆ خۆیان فۆڕمەکان بۆ کۆمپانیاکان ڕەوانە دەکەن.

ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە مافی مانەوەیان ڕەتکراوەتەوە یان درێژ نەکراوەتەوە دەگاتە 4500 کەس، 2000 کەسیان کوردن،




هەندێکیان تا ئێستاش لەلایەن بەڕێوەبەریتی پەنابەرانەوە هاوکاری دەکرێن و پارەی خواردنیان پێدەدرێ، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەمەبەستی خۆ دەربازکردن، شوێنی ژیانیان گۆڕیوەو خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام ئەوانیش ناوە ناوە لە داوی پۆلیس دەکەون. زۆربەیان گلەیی لە ئاشناو ناسیاوانی خۆیان دەکەن کە زمانیان لێدەدەن و ڕادەستی پۆلیسیان دەکەن، ژمارەیەکی دیکە، گیرانیان بۆ بێباکی و سەرەڕۆیی خۆیان دەگێڕنەوە و گلەیی و گازاندە لە خۆیان دەکەن. هەندێکی دیکەشیان دڵیان بەو سێ هەزار دۆلارە خۆشە کە بەڵێنیان پێدراوە لە کاتی گەڕانەوەدا پێیان بدری، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس لە بەڕێوەبەریتی پەنابەران لە نۆرشۆپینگ ئاشکرای کردووە کە ئەوانەی لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر دەکرێن، ئەو سێ هەزار دۆلارەیان پێنادرێ، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ئارەزوومەندانە بۆ گەڕانەوە ناوی خۆیان دەنووسن و چاوەڕوانی ناردنەوە دەکەن.

ئێستا ناونوسین بۆ ناردنەوە بە باشترین ڕێگە بۆ مانەوەی زیاتر لە سوید دادەنرێ، چونکە ئەوانەی ناوی خۆیان دەنووسن، داوایان لێدەکرێ پەساپۆرتی ئیراقی لە جۆری G دەربهێنن، ئەوانیش دەچن بۆ باڵیۆزخانەی عێراق و داوای پەساپۆرت دەکەن و نۆرەیان بۆ دادەنرێ، ئەو پرۆسەیەش کاتێکی زۆری دەوێ، بۆیە ئێستا زۆرێک لەوانە ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرن. لەم بارەیەوە کەسێک بەناوی (ئی،رە) بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە ماوەی 4 مانگ زیاترە ناوی خۆی نووسیوە و بەمەبەستی وەرگرتنی پەساپۆرت سەردانی سەفارەت کردووە، بەڵام تا ئێستا وەری نەگرتووە، باوەڕیش ناکرێ لەم زووانە وەری بگرێ.

وێرای ئەوەی کە دەیان جار بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ڕایانگەیاندووە کە ئەوان نایانەوێ پەنابەران بە زۆر ڕەوانەی کوردستان بکرێنەوە، بەڵام دیسانیشەوە پەنابەران گلەیی ئەوە لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و بەغداد دەکەن و بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران ڕێککەوتوون.

ناردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران کاریگەری نەرێنی لەسەر باشوری کوردستان دادەنێ، چونکە هەندێک لەوان لەگەڵ ژیانی ئەوروپا ڕاهاتوون و هەندێکی دیکەشیان خۆیان وەژێر قەرزێکی زۆر داوە تا گەیشتوونەتە ئەوروپا و هێشتا قەرزەکانیان نەداوەتەوە، بۆیە باوەڕناکەن کە بتوانن لە کوردستان بمێننەوە، بەوهۆیەوە چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیان دەکات و کەسیش ناتوانێ پێشبینی دروست بکات.

وێرای هەموو ئەوانەشەوە، ناردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران هەروا سوک و ئاسان نیە، چونکە کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی ئەوانەی کە گەشتی نێوان وڵاتی سوێد و عێراق دەکەن، زۆربەیان چارتەرن، واتە ئەهلین و هی حکومەتی سوێدو عێراق نین، بۆیە ئەو کۆمپانیایانە ڕێگە بەخۆیان نادەن پەنابەری دیپۆرتکراوە هەڵبگرن، ئیدی حکومەتی سوید ناچار دەبی کە فڕۆکەی تایبەت بەکرێ بگرێ و پەنابەرانی لێ باربکات، ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی ڕێکخراوی یۆنامی دەبێ کە ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە. لەو پێوەندەدا سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردوە کە یۆنامی داوای لە حکومەتی سوێد کردووە کە چاوێک بە بڕیارەکەی بخشێنێتەوەو لەم کاتەدا ئەو ژمارە زۆرە ڕەوانە نەکاتەوە، چونکە هێشتا ڕەوشی ئاسایش و ئارامی شارەکانی عێراق هێور نەبۆتەوە..

ئامادەکردنی: سەرگوڵ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-08-28 20:39:00 |
| Change Number: | 865 |
| Last Saved On: | 2009-02-14 00:28:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 1 175 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:21:00 |

As of Last Complete Printing

Number of Pages: 1

Number of Words: 20 (approx.)

Number of Characters: 108 (approx.)

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com